کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-9-2007 19:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## 9ی ئەیلول رۆژی بەرنامەکەی بەرێوەبەرو چەپڵەرێزانەکەی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی... چاودیرێکی وریا

بەرنامەی بەرنامە یەکێکە لەوبەرنامە کاریکاتێریە رەخنە ئامێزەی کەجاران زۆرێکمان وەلی ئێستا کەمتر تەماشای دەکەین جائامادەکاری بەرنامەکە وەك ئەوەی پزیشکە بەرێوەبەری گشتی ئەم شارەیە ولەدەهری کۆلێراو ئەنفلۆزا باڵندەو سکچون ورشانەوەوپیسبونی ئاوی ئەم شارەدا ئەو یەکێکە لەوانەی بێدەنگی هەڵنەبژاردووە هەربۆیەشە مانگی چوارجار قسەوباسی رلەرەخنە لەدووکەناڵەی جیاوازەوە بەشێوەی کاریکاتێری دەخاتە روو.. ئەگەرچی زیاتر قسەکردن لەسەرگەندەڵی بۆکەسێك هاتووە لەنێوکایەیەکەی خۆی ا کەمتر گەندەڵی پەی پێبەرین لی ئەم توانیویەتی لایەکمان لێبکاتەوە بەقاقا خەمانی سەردڵان وئازاری رۆژانەمان بەرەوێنێتەوە هەرهیچ نەبی ئەودیوەمان بۆ دەردەخات ئەوەنیە دیموکراسیەت لەئارادایەو کەسیش پێمان ناڵی بەری چاوتان برۆیە ئیدی ئەولەبەردەم هەموو هێڵە سوورەکاندا هەڵوەستەیەك دەکاو دوای تێرامان بێدەنگی هەڵبژاردووە..

ژیان لەکنە ئێمە بەجۆرێکی دی دەگوزەری هەموومان دەڵێی پاڵەوانی چیرۆکەکانی شکسپیرین لەبەردەم رووداوەکاندا جگەلە چاو داچەقاند هیچی دیمان بەدەستەوە نەماوە!!

دکتۆر کارل ئەڵی کارەسات ئەوەنیە رووبەروو ی دەبینەوە بەقەدەر ئەوەی ناتوانین بەسەری دا زاڵبین!! رەخنە گرەکانی ئێمە پرپر بوون لە رەخنە بگرە زۆرمان تابینە قاقامان لەنێو تەپوتۆزی گەندەڵی دایە ئەوەبۆیە رۆژی 2007/9/9 فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بۆ ماوەی زیاتر لەیەك کاتژمێر دەوامی بۆ بەرنامەی بەرنامە راگرت وبەکۆمەڵ هەموو فەرمانبەرو میوانەکانیشی راپێچی هۆڵەکە کرد تا وەك کۆمبارس بەشداری بەرنامەی بەرنامە بکەن!!نزیکەی یەك کاتژمێر فەرمانگەی تەنردوستی لە بەرنامەی بەرنامە بەولاوە هیچی دی ئاگا لێنەبووە نەئاماری قوربانیانی کۆلێراو نە مەیدانە پر لەئۆتۆمبێلەکانی نێو نەخۆشخانەکان و نە کەمی دەرمان وژمارەی نەشتەرگەری نێو نەخۆشخانەکان!!چما بەرنامەی بەرنامەش هەرپێداویستیەکی فەرمانگەکەیە مەگەر بەرێوەبەرەکەی ئامادەکاری بەرنامەکە نەبێت؟؟

چەپڵە هەرتەنها بۆ سەرکردەکان لێنادرێت بەڵکو بەشێوازێکی مۆدێرنە رۆژی 9/9 لەناو هۆڵەکەدا گوێی دەزرنگانەوە تا ئەوئاستەی ئافرەتێکی هاتووبۆ مامەڵەی خانەنشینی هەراسان دەبێت و هۆڵەکە بەجێدەهیڵێ بەدوای دا تەواوی فەرمانبەرەکانیش هۆڵەکەی بۆ چۆڵدەکەن وتێدەگەن لەنێو بونەتە پاڵەوانی چ ساتیرێك؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.